# گیانەکەم بە یادی تۆ

٢٣ی ٩ی ١٩٩٥

یادت ئەکەم

ه یادی تۆ دەست لە ملی خۆرەتاوی ئاسمان ئەکەم

بە یادی تۆ زستانیش بێ

لە قەندیلی سەهۆڵبەندا

بۆنی عەتر و وەنەوشە و گوڵزار ئەکەم

با شەوەکان

روناکایی سورشی خوڵی هەموو گێتی داگیر بکەن

بەیادی تۆ

هەموو تاریکایی گەردوون لای من روونە

بەیادی تۆ

ئەمجارەیان خواردووە

بارگە و بنەی خۆم تێك بنێم

لە چۆمی ناو سۆرك و سەفینی سینەی تۆ

بۆ دواجار

خیوەتی خۆم تیا هەڵبدەم